# بانگەوازێك لە دەستەی بەرگری لە ئازادی ڕادەربڕین

**بەڕێزان سڵاو :**

**وەك ئاگادارن سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان ڕەشنوسی پڕۆژە یاسایەکی خستۆتە بەردەستی پەرلەمانی کوردستان بە ئامانجی بەیاسایی کردنی , ڕەشنوسی ئەم پڕۆژە یاسایە ئەگەر دەنگی پێبدرێت و پەسەند بکرێت بەتەواوی بەرگرتنە بە ئازادی کاری ڕۆژنامە نوسی و ئازادی نوسین و بیر وڕای ئازاد و بیر و ڕادەربڕین, وە بەرتەسك کردنەوەی فەزای ئازادیە بەگشتی . پاش ئەوەی لە ڕۆژی** 2007-11-11 **دانیشتنی پەرلەمانی کوردستانمان بینی بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر ئەم پڕۆژەیە ، ئەندامانی پەرلەمان هەر بەم بەرتەسککردنەوانەی پڕۆژە یاساکەوە نەوەستان کە پێچەوانەیە بە سەرەتاییترین ماف ، کەمافی دەربڕینی بیر و ڕای ئازادە و پێچەوانەی بنەماکانی کاری ڕۆژنامەنوسی یە . بەڵکە پێشنیار و قسەی زۆر ترسناکتریان خستە ڕو وەك تەعدیل کردن و ئیزافە بۆ ئەم پڕۆژەیە ،بۆیە پێمان وایە ئەمە ئەگەر ئێمەی ڕۆژنامەنوسان و ئازادیخوازان لێی بێدەنگ بین و ڕێگە بدەین یاسایی بێتەوە ، دواجار دەبێت لەزگەی دەسەڵات بدەین لە دەمی قەڵەمەکانمان وە بۆمان نیە لە خواست چوارچێوەیە کە ئەوان دیارییان کردوە دەربچین وەك هێڵی سور . بۆ بەرگرتن بە یاسایی نەبونەوەی ئەم پڕۆژە یاسایە و هەڵوەشاندنەوەی . ئێمە لە کوردستان ژمارەیەك کەسی ئازادیخواز و ڕۆژنامە نوس دەستەیەکمان دروست کردوە بەناوی دەستەی بەرگری لە ئازادی ڕادەربڕین . سەرەتای کارەکانمان بە دەرکردنی بەیاننامەیەك دەستی پێکرد ، و بەدوایدا ئەم بەیاننامەیەمان گەیاندە دەستی سەرجەم دەزگاکانی ڕاگەیاندن و خەڵکانی نوسەر و ڕۆشنبیر و ئازادی خواز ، هەنگاوێکی تر لە کارەکانمان کۆکردنەوەی پشتیوانی ئەو کەسانەیە کە دەیانەوێت بەر بەم مەسەلەیە بگرن ، وە فۆڕمێکی ئیمزا کۆکردنەوەمان دروست کردوە کە خۆشبەختانە پشتیوانیەکی فراوانمان کۆکردۆتەوە . بانگەوازمان بۆ خەڵکی ئازادیخواز ئەوەیە بێنە پشتی ئەم خواستە و کارێك کە ئێمە و ئەوان پێمان دەکرێت پێکەوە بیکەین لە پێناوەدا . داواشمان ئەوەیە هەموو کەسێکی ئازادی خواز ئیمزای خۆی بدات لەو فۆڕمە کە ئێمە دروستمان کردوە**

.

**بۆپەیوەندی گرتن لەگەڵ ( دەستەی بەرگری لە ئازادی ڕادەربڕین ) دەتوانن لەگەڵ ئەم ئەدرەسانەی خوارەوە پەیوەندی بکەن**

**ڕێبین فاروق**reben_faruq@yahoo.com

**ژمارەی مۆبایل :** 07702163235

**ئاکۆ خەلیل** khalil_zada@yahoo.com

# دەستەی بەرگری لە ئازادی ڕادەربڕین

**سلیمانی** 2007\ 11 \ 25